# ئەستێرەکان ئەبنە گوارە

هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com



من کەسێکی شاخاوی بووم
هەر لە کانیە ساردەکانی بن بەردەکان ئەمخواردەوە و
لە روبارە تەسکەکانی بناری چیا خۆم تەڕ ئەکرد
من کەسێکی شاخاوی بووم
هەر لە سێبەری گاشە بەردەکان لێڕائەکشام و
لە ئەشکەوتە تاریکەکان
گوێم لە دەنگدانەوەی خۆم ئەگرت
بە رێچکە باریکەکان
بەرەو لوتکە هەلئەکشام
تامی هەنجیرە دێمیەکان
شیرینیان بە روحمدا ئەتواندەوە
من هەر لە دوور
لە دووووووووووووووووووووور لە دوووووووووووووووووووور
یان لە پەنای پەرژینەکان
بە
دز
یە
وە
زۆۆۆۆۆۆۆۆۆر زۆۆۆۆۆۆۆۆۆر  بە دزیەوە

سەیری ئەو ئافرەتە رووتانەم ئەکرد
کە لە نێو مەمکەکانیان
ئەیان
شارد
مەوە
ئەیانشاردمەوە
بۆ خەوبینینێکی نهێنیانە
هەر ئەوەندە تامی خۆشیان لێدەکردم
کە لە رێی تاریکی چاوەکانیان
بەرەو روناکی روحی خۆیان ئەبردم

من کەسێکی شاخاوی بووم
هەر ئەمزانی بە رێجکەکاندا بەرەو لوتکە برۆم
تا ئەو کاتەی
دێوەزمەکان هەلیانگرتم
هەلیانگرتم
بەبێ ئەوەی لێم بپرسن
بەبێ ئەوەی لێیان بپرسم
پێم وابوو
وەک ئەو خەونانە وان
کە لەناو شەوانی تەمەن ئەمشاردنەوە
پێم وابوو
وەک ئەو ماچانە وان
کە لە دوای ژوان
لە ناو ئینجانەکانی خەیال ئەمرواندن
وامئەزانی
وەک ئەو خەیالانە وان
کە لەناو تەنیایی خۆم هەلمئەگرتن
منی نەدیتکە بە دەریا
چۆن بتوانم لەناو ئەم لمەدا ماچ برویێنم

ئەم شەوانە
بۆ وا نەزۆکن
تاکە خەونێک نیە
خۆمی لەناودا بدۆزمەوە
خەیال بە کامە رێجکەدا هەلکشێ
بۆ هێنانی ئەستێرەکان
ئەو ئەستێرانەی.......وامئەزانی..............ئەبنە گوارە
کورێکی عاشق بۆی گێرامەوە
کە چۆن گوارەی لە گوێی دەسگیرانەکەی کردبوو و
پەنجەکانی خزیبوونە نێو قژی .............
هەر ئەو خزین
بالی فرینێکی پێ بەخشی بوون
تاکو ئێستاش
چاوی عاشقەکان
بەرەو ئاسمان رائەکێشن و
بە ماچەکانیان.......... ئەیانکەن............. بە ئەستێرە

من کەسێکی شاخاوی بووم
لە کەلێنی بەردەکاندا
شێوە جیاوازەکانی ئاسمانم ئەدی
لە ژێر سێبەری درەختەکاندا
رەنگە جیاوازەکانی ئاسمانم ئەدی
چی منی بە تۆ گرێدا
دێوەزمەی سەفەر
تا لەو کەنارەدا بمکەیتەوە
بمکەیتەوە....... بەرووی.... ئەم دەریایە
ئاااااااای
ئەم دەریایە
چۆن دەمە پانەکەی کردۆتەوە و
شەپۆلەکانیش وەک ملی ئەژدیها دەیهێنە پێش

بۆ خواردنی کەنار

ئای چەند نەدیتکەم
چەند بەستەزمانم
هەموو شتێک لێرە ئاشکرایە
تەنیا
من و شەو نەبێ
تەنیا
من و خەون و خەو نەبێ
ئای چەندە سەیرم
چەندە سەمەرەم
هەر منم...... تام لە نهێنیەکان ئەکەم
هەر منم....... بەدوای شاردراوەکاندا ئەگەڕێم
هەر منم....... بە رۆژ چاوەکانم.. نابینن
بە شەویش
بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا ئەگەڕێن
ئەرێ کەس لە ئێوە
بە رۆژ پەنجەرەکانی رەش ئەکات
کەس لە ئێوە
بە رۆژ چاوەکانی دائەخات
من ئەو دەریایە فێری کردم
بە شەو لە دیاریەوە دانیشم
ئا.......... ئەم دەریایە
ئەم دەریایە
بە شەو بێوەژنێکی ئێسک سوکە
سەما بۆ خەمەکانی ئەکات
تا لەناو خۆیدا
جارێکیتر ئەبێتەوە بە دەریا
هەر ئەم دەریایە
شەوێکیتر....... بێوەژنێکی هەناسە ساردە
لە خەمە کۆنەکانی

بەلەمێکی کوێرم پێشکەش ئەکا
بە چاوەکانی پێم ئەڵێ
من لە کەنارێکی شاخاوی بووم
بۆ تەنیایی تۆ هاتمە ئێرە
ئای لەوە
لەو بێوەژنە
لە چاوانی ئەو بێوەژنە
چۆن باسی شاخ و کەنار و دەریا ئەکا
من جارێک خەونم بەوە بینی
لە شاخێکی زۆر بەرز بەرئەبوومەوە
کەچی نەئەترسام
وام ئەزانی ئەکەومە باوەشی ئەو کچە هەرزەکارەی بە دزی دایکیەوە لە کونی
سۆبای ماڵەکەیان مەمکەکانی پیشان ئەدام..................
جارێکیان خەونم بەوە بینی
لە گۆمێکی مەنگی پەنا شاخێک
لە ژێریەوە
لە بنی بنیەوە
هەناسەیەک رائەکێشام
کەچی من لە خنکان نەئەترسام
وامئەزانی ئەچمە باخی ماڵی ئەو کچە هەرزەکارەی
منی لە بن دارسێوەکە پاڵئەخست و
خۆشی بە رووت و قووتی
تەنیا بە مەکسیە تەنکە پەمەیەکەی
لە سەر لقێکی دارەکە قیت ئەوەستا و
زۆر بە دزیەوە لێی ئەپرسیم
کامە سێوت دەوێ................
ئای لەو بەلەمە کوێرە
هەر چەند ئەو خەونانەی بۆ ئەگێڕمەوە
کوێرتر و کوێرتر ئەبێ
نە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ئەدۆزرێتەوە و

نه ڕێگای تەواو بوونی بۆ ئەبڕدرێ
نه ئەتوانێ بمگەینێتە ئەو کەنارەی
شاخ و دەریای بە یەک گرێداوە
نه ئەتوانێ بمگەڕێنتەوە ئەو کەنارەی
چەند هێلکە خەونێکم تیا حەشارداوە
لە سەر پشتی ئەم بەلەمە کوێرە
دەستم ناگاتە ئەستێرەکان
ئەو ئەستێرانەی...... لە خەوندا ئەبنە گوارە
ئەو گوارانەی
لە شەوە درێژەکانی زستان
ئەمکردنە شعر
شعرەکانیش لە ژێر ووردە باران
خەونی تەڕیان لێ ئەتکایە چاوەکانم
بەرەبەیانێک
خەونم بەوە بینی
ملوانکە شعرێکم دایە ئەو کچە شەرمنەی
هەموو شتەکانی لە نێو پەرتوکەکانی ئەشاردەوە
تەنیا چاوەکانی من نەبێ
هەر چەند ئەیکرد
لە ژوانێکدا
هەرچی خەونە ..... بەبێ دەنگی بمداتەوە
کەچی هەزار هێندە
خەونی تازەی..... لە چاوانم.....بۆ چاوانی ئەگواستەوە
نیوەڕۆیەک
لە ژێر باران
هەر بە پێوە خەونم بینی
هەر ئەو خەونە
لە مانگەشەوێکی هاوین
کچێکی دراوسێمان....... لە سەر بانی مالی خۆیان
نیوەی بە ماچ بۆ گێڕامەوە و

به نیوەکەیتریش رایکێشامە کادین.....
من و ئەو بەلەمەی ژێرم
چەند لە یەکتر دوورین
ئەو دەیەوێ
بە باسی جوانی مالی دۆلفینەکان و
قەشەنگی رەنگی ماسیەکان
مالێکم لە ژێر دەریا بۆ دروستکا
منیش
خەونم بەو گوارانەوە ئەدیت
کە پەنچەکانم بخزێنە نێو قژی ئەو
قژی ئەو
وەک قژی دەسگیرانی کورِە عاشقەکە نەبوو
دلی ئەو
وەک دلی دەسگیرانی کورِە عاشقەکە نەبوو
چاوی ئەو
وەک چاوی دەسگیرانی کورِە عاشقەکە نەبوو
مەمکی ئەو
وەک مەمکی دەسگیرانی کورِە عاشقەکە نەبوو
بەژنی ئەو
وەک بەژنی دەسگیرانی کورِە عاشقەکە نەبوو
هیچی ئەو
وەک هیچی دەسگیرانی کورِە عاشقەکە نەبوو
منیش
تەنیا رەنگی خەونەکانم
لە رەنگی خەونی کورِە عاشقەکە ئەچوو
هۆۆۆ  کورِە عاشقەکە
بۆ تەنیا چاوەکانمت بردە ئاسمان
دلیشت دامە بەر شەپۆلی ئەم دەریایە
خۆ تۆ ئەتزانی
من کەسێکی شاخاویم

گۆرانی بۆ رەشبەلەکی ئەو هەرزەکارانە ئەلێم
پێیان وابوو
من وەک دەمی پیرەکانیان بێ ددانم
کچێکی تەمەن پانزە سال بۆی گێڕامەوە
کە چۆن هەموو شەوێک
هەر هەموو شەوێک
خەون بە پیرەمێردێکی بێ ددان ئەبینێ
کە چۆن گاز لە هەموو بەشەکانی لەشی ئەگرێ
هەر ئەو کچە
لە سەیرانێکی نەورۆزدا
لە نێو مووە چڕەکانی لەشم خۆی شاردەوە
ئەوە چەندین پایزە
چاوی لێ دەگێڕم
دەستی لێ دەگێڕم
نایدۆزمەوە و
ناااااااااااایدۆۆۆۆۆزمەوە
هۆۆۆۆۆۆۆۆۆ کچە عاشقەکە
بۆ بەتەنیا جەستەت بەرەو ئاسمان بردم
روحیشت خستمە نێو جەستەی ئەو بەلەمە کوێرە
خۆ تۆش ئەتزانی
من کەسێکی شاخاویم
گەلێک جار
لە دەربەندی روحی مندا
لە پەنای ئەو مێرگانەی
بە ئاوازی گۆرانیەکانی من سەوز ئەبوون
کوڕە هەرزەکارەکان و
پیاوە ژندارەکان
بە بەر چاوی مندا
دەسگیرانەکانیان ماچ ئەکردم و
هێند رووت ئەبوونەوە

که من هەرگیز رووتی ئاوام نەدیتبوو
ئاخ و ئۆفی هەناسەکانیشیان
لەگەل ئەو شعرە تەڕانەم تێکەل ئەبوون
که بە نهێنی بە سەرمدا ئەباراندن
هۆۆۆۆۆۆۆ.... هۆ
هۆ کچ و کوڕە عاشقەکە
ئێوە لە جیرۆکێکی مندا یەکترتان ناسی
لە ناو روحی مندا یەکەم ژوانتان بەست
بە روباری رۆمانێکم گەیشتنە ئەم بنارە
لەگەل پەپولەکانی شعرم بالتان بزواند
تا ئێوارەیەک
لە خەونێکمدا....... بۆم گێڕانەو
که چۆن
ئەستێرەکان ئەبنە گوارە
هەر ئەو گێڕانەوەیە
نهێنیەکی ئاشکرا کرد
که من تا ئێستاش هەر بەدوایدا ئەگەڕێم
نە خۆم
لە سەر جەستە و لەناو روحی ئافرەتەکان
ئەیدۆزمەوە و
نە ئافرەتەکانیش
لە سەر جەستە و لەناو روحی پیاوەکاندا
ئەیدۆزنەوە
ئەم گەڕان و
وون بوون و
دۆزینەوەیە
چۆن بە من ئەکرێت
که چاوانی من
هەر کەنارە ئاویەکانی لێدیارە
هێندە نەدیتکەم بە دەریا

بڕوا دەکەم
کە کەنار وەک سەرابی بیابان بێ
بیابان.............
بیابان لە فەرهەنگی من
خەونێکە بینینی ئەتخنکێنێ
هێندە نەدیتکەم بە دەریا
ئێستاش بڕوا دەکەم
دەریا بە شەوان بێوەژنێکی ئێسک سوکە
تا بەری بەیان
بۆ خەمەکانی خۆی سەما ئەکات
سەما ئەکات و
لەناو خۆیدا ئەبێتەوە بە دەریا ..................

3ی3ی2005